# شێرکۆ حەمە ساڵح

## رادەی بیستن لەلای میللەتی کورد زۆر چەواشە بووە



سازدانی بەختیار سەعید

موزیسیان (شێرکۆ حەمە ساڵەح) ساڵی ١٩٧٣ لەشاری سلێمانی لەدایکبووەو ساڵی ١٩٩٣بەپلەی یەکەم پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی تەواوکردووەو ساڵی ١٩٩٣ بەشداریکردووە لەدامەزراندنی تیپی ئۆرکێسترای سلێمانی بە بەشداربوون لەگەڵ موزیسیان عەبدوڵڵا جەمال. لەساڵی ١٩٩٥ وە لەوڵاتی ئەڵمانیا دەژی و ساڵی ١٩٩٧ بەشداری کردووە لە دامەزراندنی ئۆرکێسترای نەتەوەیی کورد لەگەڵ موزیسیانان قادر دیلان و نەجات ئەمین. لە ساڵی ٢٠٠٠وە ماموٚستای ڤیۆلایە لەشاری فرانکفۆرت، لەساڵی ٢٠٠١-٢٠٠٥ خوێندنی موزیکی لەکۆنسەرڤاتۆری شاری ماینز لەلای پرۆفیسۆر (Alois kottmann)خوێندووە. لەگەرانەوەیدا بۆ کوردستان هارمۆنی ئەم دیدارەی لەگەڵیدا سازدا.

هارمۆنی: ئێمە لەمرۆدا دەتوانین ئاستێك بۆ موزیکی کوردی دەستنیشان بکەین ؟ بەراورد بە ساڵانی رابردوو رووی لەباشتر ناوە، یاخود خراپتر بووە ؟

شێرکۆ : بەبۆچوونی من بەداخەوە موزیکی کوردی وەستاوە، لەگەڵ وەستانەکەشیدا هەندێ هەنگاودەنرێت بەناوی ئەوەی بۆ بەرەو پێشەوەچوونە، بەڵام بەداخەوە ئەو هەنگاوانە بەرەو دواوەمان دەبەن، چونکە ئەو هەنگاوانە لاساییکردنەوەی کۆمەڵێك ستایڵ و فۆرمن کەئەو ستایڵ و فۆرمانە هەندێکیان دوورن لەخواست و بیری کۆمەڵگاکەی ئێمەوە، هەروەها هەندێکیشیان هەبوون و دەمێکە تۆزیان لەسەرنیشتووە، ئەمە لە رووی ئاستەوە، دەتوانم بڵێم کە لە رووی پیادەکردنەوە موزیکی کوردی شێوازێکی سەرەتایی هەیە، ئەم موزیکە نەفەوتاوە، بەڵام پێشنەکەوتووە سەرەتاییە، بەڵام بۆ پێشخستنی هەوڵدراوەو هەوڵەکانیش هەوڵی تاکە کەسیین، هەوڵێك نییە کە لەلایەن حکومەتەوە پشتگیری لێبکرێت بۆ ئەوەی ئەو هەوڵانە ببنە دەنگێك لەسەر پێی خۆیان بوەستن، هەروەها گەورەترین کێشە ئەوەیە کە گەلی کورد تووشی چەواشەیی بووە لەرێگای هەندێ دەنگناخۆش، کە گۆرانی میللەتانیتر دەدزن و دێن لاساییدەکەنەوە، رادەی بیستن لەلای میللەتی کورد زۆر زۆر چەواشە بووەو زۆر زۆر لەدواوەیەو دەتوانم بڵێم گەلی کوردیان لەخشتە بردووە.

هارمۆنی : چی بکەین بۆ ئەوەی ئەو گوێگر و بیسەرە ببەینە ئاستێکی باشتر، چارەسەر چییە ؟

شێرکۆ : ئەو کارە شتێك نییە لەمرۆ بۆ سبەی ئەنجام بدرێت، پێش هەموو شتێك کۆمەڵێك کار هەیە دەبێت بکرێت، ئەویش ئەوەیە کەدەبێت خودی موزیك خۆی ببێتە کلتور، لەوڵاتانی دەرەوە کاتێك کۆنسێرتێك ئەنجام دەدرێت، خەڵکی بەشێوازێکی تایبەت خۆیان ئامادە دەکەن و لەکۆنسێرتەکەدا دادەنیشن و گۆرانیبێژێك بەشێوەیەکی جوان و لەسەر نۆتە گۆرانی دەڵێت، لەلای ئێمە تائێستا موزیك نەبووە بەکلتور، ئەوەی لەلای ئێمە هەیە تەنها وەك شێوازێکی سەرەتایی ماوەتەوە، گۆرانی لەلای ئێمە ئەوەیە ریتمێکە ئەروات، گۆرانییەکە دەوترێت و تێکستێکە دەوترێت و تەواو، چارەسەر بۆ ئەوە پێویستە ئەکادیمیایەك دروستبکرێت تاکو نەوە پێبگەیەنرێت، چەند کادیرێکی باش هەیە لەدەرەوە کەلەوانەیە نەگەنە دە کەسیش بائەوانە دەستیان بگیردرێت و بێنەوە بۆ کوردستان، بزانن بەحوکمی ئەو ئەزموونەی کەهەیانە لەدەرەوە دەتوانن لێرە چی بکەن ، بەشبەحاڵی خۆم کە دێمەوە بۆ ئێرە زۆر کەم بەسەردەکرێمەوە، لەکوردستان و لەدەرەوەش خوێندوومە، واتە ئەزموونێکم هەیە کەببێتە ئەڵتەرناتیڤێك، دەنگێکیتر، رێگەیەکیتر لەو رێگایانەی بۆ ئەوەی چارەسەرێکی ئەو کێشەیە بکەن.

بەرای من پێویستە وەك میللەت بزانین میللەتی کورد پێویستی بەچییە، ناتوانین گۆرانی و موزیکی کوردی جوان بکەین گەر تەکنیکمان نەبێت، ئەگەر تەکنیکی سازەکان، تەکنیکی ئامێرەکانیان پێشکەوتوو نەبێت، ئەگەر کادیرمان نەبێت تا خوێندکار پەروەردە بکات، ئەوەی لەهەمووی گرنگترە ئەوەیە میدیاکانمان سەر بەپارتەکانن بەبێئەوەی بیرلەوەبکەنەوە ئایا کوالێتی گۆرانیبێژەکە چۆنە، موزیکەکە چۆنە، گۆرانییەکە بڵاودەکرێتەوە، کەبڵاویش کرایەوە خەڵك گوێی لێدەگرێت و تووشی چەواشەبوون دەبێت، واتا چارەسەری هەمووی بۆ ئەوە دەگەرێتەوە حکومەت لەهەرلایەك بێت بیر لەوە بکاتەوە موزیك ببێتە کلتور.

موزیك ئەرکی ئەوەی هەیە کە کۆمەڵگا پەروەردەبکات کە هەڵسووکەوتی ئینسانەکان جوانتربکات، ئێمە پێویستمان بەقوتابخانەیە بۆدروستکردنی کادیر، گۆرینی ئەو زەوقەش کەبەرێزت باستکرد کە چۆن بتوانین بیگۆرین یان باشتری بکەین، کارێك نییە کە لەدوو رۆژدا ئەندام بدرێت، بەڵکو پێویستمان بەزەمەنێکە و کارکردن و قوربانیدانی دەوێت و پێویستی بەنەخشە و پلانێکە کەکۆمەڵێك کەسی تایبەتمەند بزانن چۆن ئەو کارە ئەنجام دەدرێت.

هارمۆنی : لەدوای چوونە دەرەوەت لەکوردستان چ بەشدارییەکت هەبووە لەگەڵ هونەرمەندەکوردەکاندا ؟

شێرکۆ : لەو کاتەوەی کەمن لەدەرەوەی وڵاتم، واتا لەساڵی ١٩٩٧ وە لەگەڵ ماموٚستای کۆچکردوو قادر دیلان و موزیسیان نەجات ئەمین دا هەوڵی دامەزراندنی ئۆرکێسترای نەتەوەییمان دا، ئەوە هەڵێکی زۆر زۆر گەورە بوو، من لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداریم کرد، هەروەها لەسێ کۆنسێرتی ئەو ئۆرکێسترایەدا وەکو ڤیۆلا ژەنێك بەشداریم کردووە، بەڵام بە هۆی نەبوونی لایەنی مادییەوە بەداخەوە ئۆرکێستراکە بەرەو وونبوون و لەناوچوون چوو، بەڵام توانیمان cd یەك دەربکەین کەکۆمەڵێك کاری لەخۆگرتبوو، کەدەتوانم ئەوە وەك چالاکییەکی گەورەی مێژوویی ناوبهێنم، هەروەها بەشداری چەند بۆنەیەکی وەك نەورۆز لەگەڵ هونەرمەندە کوردەکاندا کە منیان بانگ کردووەو هاریکارییان کردووم، هەروەها لەکەناڵە ئاسمانییەکانی وەك رۆژ تیڤی و مید تیڤی وەکو ڤیۆلین ژەنێك بەشداریم کردووە، ئەم بەشدارییانەش وەك دانەبران لەکەشە هونەرییەکەو دانەبران لەهاورێیانی هونەرمەند بۆ ئەوەی لەرێگای ئەو پەیوەندییەوە بتوانیت هەندێ خەڵکی تر بناسیت، بۆ ئەوەی کاری جددی بناسیت، لەهەمان کاتدا لەگەڵ ئۆرکێسترایەکی ئەڵمانیدا کاردەکەم کە ماموٚستاکەم لەو خوێندکارانە دایمەزراندووە کە هەموویان لای ئەو خوێندوویانەو ساڵانە بۆ چەند مانگێك و لەچەند شارێکی ئەڵمانیدا کۆنسێرتی موزیکی کلاسیك دەکەین، هەروەها وەك چالاکی نوێ لەگەڵ هاورێی موزیسیانم (ئاکۆ عەزیز) پرۆژەیەکی نوێمان کردووە، ئەویش دامەزراندنی ئۆرکێسترایەکە، یەکەم هەنگاویشمان ئەوە بوو پێنج گۆرانی بۆ هونەرمەند مستەفا دادار ئامادەبکەین و هەر پێنج گۆرانییەکە بەشێوازێکی ئۆرکێسترالی کراووەو ئەم کارەش بەتەنها بەپشتگیری خۆمان کراوەو هیچ لایەنێك یاخود کەناڵێك یارمەتینەداوین و بەپشتگیری ماددی خۆمان کراوە، چونکە موزیکمان خۆش دەوێت و دەمانەوێت کۆمەڵگای کوردی بەرەو کۆمەڵگایەکی پێشکەوتنخوازانە بەرین، هیواداریـن ئەو کارە نوێیانەمان لەساڵی نوێدا کۆتایی بێت، کە وێنەگرتنەکەی لەلایەن هاورێمان (هاورێ رەئووف)دوەیە کە وێنەی بەسێ کامێرا گرتووە،هاورێ بۆ خۆی لەهۆڵەندا سینەما دەخوێنێت، ئێمە هەر کەناڵێك یاخود لایەنێك کۆمەکمان بکات سوپاسیان دەکەین و ناویشیان دەنوسین، ئەمە تەنها سەرەتایەکە بۆ دروستکردنی دەنگێکیتر، ئەڵتەرناتیڤێکیتر بۆ ئەو بازارە وێرانەی کەموزیکی کوردی تێیکەوتووە چونکە گوێگری کورد زۆر هەژارەو زوو لەخشتە دەبرێت.

هارمۆنی : ئەو هونەرمەندە کوردانە کێن کە لە گەڵتاندان ؟

شێرکۆ : موزیسیانان ئاکۆ عەزیز، شێرکۆ حەمە ساڵەح، ئالان عارف، ئامانج یەحیا، بەختیار حەمەهادی، عەلی عوسمان، شیروان غەفور، ئاکۆ فەرەیدوون، ئەسرا ئاکین، وەکو گۆرانی بێژیش هونەرمەند مستەفا دادار .



# فلچە

کاکۆ

خوێنەری هێژا.. ئەوەی لەم چەند دێرەدا دەیخوێنیتەوە باسی جۆرەکانی فڵچەی نیگارکێشان وچۆنێتی بەکارهێنانی نییە ، هەروەك چۆن باسکردنی فڵچەی پێڵاو بۆیاخکردن وفلچەی ددان شتن نییە، بەڵکو فڵچەیەکی ترە ، فڵچەیەکی نەبینراو کە تەنها لەرێگەی جۆری ئەو بەرهەمەوە کەپێ ی ئەنجامدراوە دەتوانی بیناسیتەوە.

با زۆر لەسەری نەرۆم ، چونکە ئەگەر لەوکەسانە نەبیت کە هاتوچۆی تەلەفزیۆنە کوردییەکان دەکەیت بۆ کاری هونەری ، ئەوا ئاسان نییە بزانیت باسی کام فڵچەیە دەکەم ، منیش نامەوێت لەوە زیاتر بابەتەکە ئاڵۆز بکەم .بەڵام ئەگەر بەرێکەوتیش چەند جارێك رێت بکەوێتە یەکێك لەتەلەفزیۆنەکانی ئەم هەرێمە ، ئەوا تێبینی دەکەیت کە دەرهێنەرو ئامادەکارو کامێرامان و هونەرییەکانی ئەو تەلەفزیۆنانە چەندە سەرقاڵن ، سەرقاڵییەك کەوا دەکات هەمیشە فرکانیان بێت ، دەبێت ئەوەش بڵێین کەئەو داماوانە تا ئێستا هەر بەشتێك کاردەکەن کە کە پێی دەوترێت بەهرە یان زۆر جار پێی دەڵێین (سەلیقە) ! نەك خوانەخواستە کارکردن بە میتۆدە هونەرییەکانی کە لەجیهاندا دەخوێنرێت ، چونکە بەدەگمەن نەبێت بەرگوێمان نەکەوتووە کەسێك لەمانە بە دیداری دەزگایەك یان ئەکادیمیایەکی هونەری جیهانی شاد بووبن .

گەر بمانەوێت سەرچاوەی سەرقاڵی ئەم کارمەندە هونەرییانە بزانین ، دەبێت لەوە تێبگەین کە ئەمان هەر هەمویان دەبێت فریای بەسەر کردنەوەی هەموو جۆرە چالاکییەکی سیاسی وهونەری و وەرزش و دیدارو کۆبوونەوەی بەرپرسە باڵاکان بکەون . هەر بۆیەش بەگوێرەی رادەی گرنگی بابەتەکان لەم وڵاتەدا ، کاری هونەری لەبەرماوەو پاشماوەی ئەو کاتانەدا ئەنجام دەدرێت کەخەبەرێکی سیاسی یان دیدارو کۆبونەوەی بەرپرسەکان لە گەرمترین کاتیدا نییە ، ئیدی ئەو کاتانە هەلێکی گەورەیە تا کلیپەکەی فلان یان مەشهەدی ژمارە فلانی فیسارە دراما (نەجات) بدرێت ، کاتێکیش لەکاکی دەرهێنەر یان کامێرامان دەپرسرێت " جا فریا دەکەویت ؟" لەوەڵامدا گورج دەڵێت " ئا هیچ نییە.. فڵچەیەکی لێدەدەم " !!

ئیتر رۆژان دەرواو فلچە لێدان بەردەوامە ، هەر گۆرانییەو بە (فلچە) تەواو دەکرێت ، هەر درامایەو فڵچەی خێرای لێدەدرێت .



واهەستدەکەم هەموان لە ناخی خۆیاندا ئەو پرسیارە بکەن کە ئایا دەرفەتێك هەیە لەم وڵاتەدا تا کارێك بەشێنەیی بەرهەمبهێنرێت ، برواناکەم کەسیش چاوەرێی وەڵامی ئەو پرسیارە بکات ، چونکە کور ئەو کورەیە بتوانێت زۆرترین بەرهەم بە (فڵچە لێدان) بە ئەنجام بگەیەنێت .

ئەم بارە بەهەر هۆیەك بێت سنووری تەلەفزیۆنەکان دەبرێت و باز دەدات ودەگوازرێتەوە بۆستۆدیۆ وکۆمپانیا ئەهلییەکانی بەرهەمهێنان، لەناوئەوانیشدا بەنمونە کاری ئامادەکاری میوزیکە ، چونکە میکانیزمی بەرهەمهێنان لەمانیشدا تەنها بەوشێوەیەیە کە گۆرانیبێژێك ئاوازەکەی دەداتە دەست میوزیککارێك و ئەویش بەماوەی یەك دوو سەعاتێك میوزیکەکەی بۆ ئامادەدەدەکات ، و بەیەك دوو سەعاتیش بۆی تۆمار دەکات و ، ئاو بێنەو دەست بشۆ!

هەموو دەستمان دەشۆین و لەو کاتانەدا کە تەلەفزیۆنەکانمان لە سەر کەناڵە ئاسمانییە بیانییەکان نییە ، بەکەناڵە کوردییەکاندا رادەگوزەرێین و دەبینە بینەرو بیسەری کۆمەڵێك گۆرانی کوردی ، کۆمەڵێك گۆرانی بەفلچە دروستکراو ، کەلەگەڵ بینینی ناوی دەرهێنەرەکانیدا ، ئەم دەستەواژەیەم وەبیردەکەوێتەوە (( هیچ نییە فشەیە ، بەفلچە دەیکەم)) !!

خوێنەری بەرێز ئێستا دەتوانیت لەوە بگەیت کە ئەم هەموو گۆرانییە چییە کەشەوانە لەرێگەی شاشەی تیڤییەکانەوە ئاراستەی من وتۆ دەکرێت و هێندە جێ فڵچەی پێوەیە کە خەریکە چاومان کوێر دەکات !